## بۆ تروسکەی کچم !لە نووسراوەکانی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان،شەهید ئەبووبەکر خزری ناسراو بە ئەبووبەکر کانی ڕەشی

بۆ تروسکەی کچم !

لە نووسراوەکانی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کورد و
کوردستان،شەهید ئەبووبەکر خزری ناسراو بە ئەبووبەکر
کانی ڕەشی



کۆرپەی شیرینم ! ئاواتی بەهاری ژیانم !
خونچەی تەواو نەپشکوتووی باغی کوردستانم!
لە دایک بوونت بزەی شادی خستە سەر لێوانمان و کوڵی دڵی
نێڵدراومانی ئاوپڕژێن کردوە و کانوونی ژیانمانت سەد چەندان
بەهێز و پێزتر کرد.
ئێستاش دارە دارە و گاگۆڵکە وشاگەشکەکانت تام و
چێژێکی دیکە بە ژیانمان دەبەخشێ و تۆوی هومێد لە
دەروونمان دا دەچێنن.
لە ڕووی پاک و بێگەردت کە وەک مینای بێگەردە، لە
تەمەنی یەک بەهاریتەوە بە تەواوی دەردەکەوێ کە تۆ هەتا
ئێستا بەرزی و نزمیت بۆ نەبۆتە پرسیار و چاو و هۆش و مێشکت
توانا و هێزی تێگەیشتنی پێوەندییەکانی ئینسانەکانی سەر
ڕووی زەویی نیە.

تەنانەت هەست بە تاڵیی جیابوونەوەی خۆت و خۆم ناکەی، هەر بۆیە کاتێک ماڵاوایی لە دایکت دەکەم و تۆش لە ئامێزی گەرم و باوکانەم دەگرم و تێر تێر کوڵمە ئاڵ و گەشەکانت هەڵدەگلۆفم ، وڵامی تۆ تەنیا و تەنیا چەند پیتێکی لێک پچڕاون. هەر چەند ئەوە یاسای سروشتە کە هیچ مرۆڤێک و بگرە هیچ گیانلەبەرێک پێی خۆش نیە بۆ چەند ساتێک لە ئاکامی ژیانی هاوبەشی دوور کەوێتەوە، بەڵام دایکی نیشتمان پێویستی پێمە و ئەرکی خستۆتە سەرشانم بۆ ڕزگار کردنی لە کۆت و زنجیری دیلی . ئەوە ئێستا منیش فیشەکدانم لە قەدم بەستووە، کۆڵەپشتی و کیسەخەوم لە کۆڵ قایم کردووە، هاوڕێ لە گەڵ پێخۆر و توێشە بەرەی ڕێ، چەندین تراکت و پەیام، ڕۆژژمێری کوردستان، وێنەی پێشەوا قازی و قاسملووی مەزنم هەڵگرتووە و بەرەو جەرگەی خەبات ، بەرەو ناوچەی بە تەواوی میلیتاریزەکراوی موکریانی پڕ پیت و بەرەکەت ، بەرەو بۆکان هەنگاو دەنێم.
کچە شیرینەکەم !



قەت حەز ناکەم نازت بشێوێ، بەڵام ڕێگای تێکۆشان پڕ لە لێژ و هەڵەمووتە و لەم ڕێگایەدا مرۆڤ گەلێک کەند و لەند و کڵۆ و پێکوڵی دێنە ڕێ.
هەر بۆیە وێدەچێ مەرگ مەودام نەدا، ئەو کاتە ببینم کە تۆ فام دەکەیەوە و دنیای دەوروبەر و جیهانی بێ عەداڵەتی دەناسی.
ئەو کات تۆ بە چاوە گەش و گەش بینەکانتەوە و بە بیری تیژتەوە دەڕوانیە دەریای بێ سنووری ژیان، ڕەنگە گەلێک پرسیاری جۆربەجۆر هووروژم بۆ مێشکت بێنن.سەیر نیە ئەگەر بە پێی داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەکەمان بکەویە بەر تانە و توانجی بەشێک لە منداڵانی خاوەن باوک.
لە لایەکی دیکەشەوە وێدەچێ لە خۆشەویستی و دەست بە سەر داکێشانی باوک و ... بێ بەش بی.
هەر بۆیە وێدەچێ هەست بە دڵ تەنگی بکەی و چاوەگەش و ڕەشەکانت فرمێسکی جاڕزی هەڵوەرێنن.
هەر بەو مەبەستە دەمەوێ چەند دێڕێک بە یادگاری ئاراستەی تۆی خۆشویست بکەم هەتا لە کاتی ڕووبەڕوو بوون لە گەڵ ئەم جۆرە پێشهاتانەدا دڵی پاک و هەستی بێ خەوشی خۆتیان پێ بلاوێنیتەوە و بڵێی:
منیش باوکم هەبوو کە زۆری خۆش دەویستم. منی بە هیوا و ئاکامی ژیانی خۆی دادەنا و ناوی تروسکەی لەسەر دانابووم تا لە نێو تروسکە، تروسکی ئەستێران دا ، لە نێو بروسکەی هەوری بەهاری دا و لە نێو تیشکی هەتاودا بەدیم بکا.
باوکم منی زۆر خۆش دەویست ، پێی خۆش بوو کە من بێ باوک و بێ ئەنوا بم. ئەو بە باشی دەیزانی کە مرۆڤ هەتا دوایین کاتەکانی ژیانی پێویستی بە خۆشەویستی هەیە و ڕوحی ،تینووی خۆشویستییە.بەڵام بیری ڕوون ، هەستی نیشتمانپەروەری و گەل دۆستی ، هەست کردن بە چەوسانەوە و ژێردەستی و سوور بوون لە سەر ڕزگار کردنی فەرهەنگ و فولکلۆری گەلەکەی لە فەوتان ، هەروەها ئاواتی وەدیهاتنی مافە ئینسانییەکان و .... ئەویان خستە سەر ڕێبازی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
هەر لەم ڕێگایەش دا ، پاش چێشتنی تاڵی و سوێری یەکی زۆر بە مەبەستی وەدیهاتنی ئاواتی گەل ، سەری نایەوە و هەوڵدان بۆ ئاواتەکەی و درێژەدانی ڕێگاکەی بە هاوبیرەکانی سپارد.
بۆیە سەری نایەوە تا منداڵانی کورد لە دواڕۆژدا چیدیکە گوڵی هیوایان بە بای خەزانی پاییز و بە گڕ و بڵێسەی شەوپەرستان هەڵ نەپرووکێ و بۆ لە دەست چوونی باوکیان دۆش دانەمێنن.
١٣٦٩/٢/٢٥

وەرگیراو لە ژمارە ٤٣ی گۆڤاری لاوان،خەزەڵوەری ١٣٧٠